# قوتابی کورد لە دەروازەی سەدەی بیستوویەکەمدا

قوتابی کورد وەکو هەموو قوتابیەکانی جیهانی سێیەم لەدۆزیکی ناهەمواردا کۆشەش دەکەن بۆ وەدەست هێنانی زانست و رۆشنبیری. ئەم ناهەمواریە دەگەرێتەوە بۆ ئەو بارە دواکەوتووەی کۆمەلگاکانی تیدایەو ئەو بارە ئابووریە سەختەی لەوولاتەکاندایە. جگە لەوەی کە کۆمەلگە، بەخێزان ودامودەزگاکانەوە تازیاری (ئەفزەلیەت) نادەن بە قوتابی وەک داهینەریک و خاوەنی دوارۆژ. نموونەی ئەمە لەخێزانی کوردەواری دا زۆرن، کە خێزان مەبەستێتی ببێ بە خاوەنی سەرمایەیکی بەرجەستە لەشێوەی ماشێن و خانووبەرەو خشل و.....هتد. نەک دابین کردنی سەرمایەیەکی کۆمەلایەتی و نەتەوایەتی بەبنیادنانی مرۆڤیکی ئەکادیمیو بەسەلیقە..! ئەم دیاردەیە واتا تازیاری نەدان بە پەروەردە لەناو دەزگاکانی زۆربەی وولاتانی جیهانی سێهەمدا بەشێوەیەکی روون پەیرەودەکرێت، وەک ئەوەی کە رادەی زۆری بوجەی وولات بۆ هێزی چەکدار و ئاسایشە ئەوەی کە دەمینێتەوە بۆ دروست کردنی بالەخانەو مۆنۆمینتە، بریکی گەلیک کەمی بۆ پەروەردە و خوێندنی بالایە. ئەمەش بە ئاشکرا دیارە لە نەبوونی سادەترین پێداویستیەکانی تاقیگای قوتابخانەکان و زانکۆکان و هەروەها نەبوونی پیداویستیە بنەرەتیەکانی قوتابی بۆ خوێندن.

لە هەندەران زۆر جار لە گەل دۆست و هاو زمانی خۆمدا دادەنیشین کە لە کوردستانەوە ئەکادیمی بوون وە لە ئەوروپاش خوێندویانە و وە لە بازاری کاردا، ئەوروپاییان تاوتوکردووە. هەرهەموو ئەوپرسیارە لەخۆ دەکەین: ئەری چیم لە وولاتی خوم خوێند؟ ئەری چەندی بەسوودە لەرووی زانستیەوە؟ ئەوجیاوازیە گەورەیە چیە لە میانی شێوەی بیرکردنەوە و کارکردنی ئێمە و مرۆڤی ئەورووپیدا؟ وەلامی ئەم پرسیارانە گەلێک لێکۆلینەوەی پەیتی لەسەر کراوە لەلایەن نووسەروو زاناکانی کومەلناسیەوە، ئەم بابەتە خەمی گەورەی کۆمەلیکی زۆری خوێندەوار و نووسەری کوردن. من لێرەدا دەمەوی بەشێوەیەکی زۆر سادە لە قالبی کەموکۆری ژیانی رۆژانەی قوتابی کورددا سەیری بکەم. کە ئەنجامەکانی زۆر زەق ودیارن بەسەر مرۆڤی کورددا، یەکێک لەوانە نووسەری ئەم دەقەیە.

بۆ ئەوەی مرۆڤی کوردی دەوری خۆی لەجیهانی شارستانی ئەمرۆدا ببینی کە جیهانێکی پیشەسازیەو بەرەو جیهانی ئینفۆرماسیۆن (Information) دەروا، دەبێ بنیادی بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد بگۆرێت و لەقۆزاغەی رژێمە بالادەستەکانی و دراوسێکانی دەرچێ.گۆرانکاریەک کەرێکا بەبوونی هەموو دژەیەکەکان دەدات لەچوارچێوەی هۆشدا. ئەوگۆرانکاریەی کەچەک دەگۆرێتەوە بەووشە، بەپێنووس، بەبنیادنان. گۆرانکاریەکیوا ئەگەرچی ئەرکی کۆمەلە بەگشتی، بەلام چەند دەزگایەک هەیە کەرۆلی سەرەکیان لە پرۆسەیەکی وادا هەیە. ئەو دەزگایانەش بەلای منەوە، وەزارەتی پەروەردە و

دەزگاکانی خوێندنی باڵان، کە بەشی هەرەزۆری ئەو ئەرکە دەبێ لەئەستۆی خۆبگرن. پێش ئەوەی باسی چۆنیێتی گۆڕان کاری بکەین، دەبێ دەست نیشانی ئەوکەموکۆریانە بکەین کە زەق و دیارن.

## کەموکوریەکانی سیستەمی پەروەردە لە کوێدا بەدی دەکرێ؟

١. منداڵی کورد لە کوردستانی خوارو وەك منداڵی ئێراقی لەتەمەنی شەش ساڵیدا دەچنە قوتابخانەی سەرەتایی. ڕێژەیەکی یەجگار کەم دەچنە باخچەی منداڵان. کەواتە زۆربەی زۆری منداڵان لە هەریمێ کوردستان لەتەمەنی شەش ساڵیەوە ئاشنایی لەگەڵ پینووس پەیدادەکەن و لە چوارچێوەی ماڵ جوودا دەبنەوە. کە لە ڕاستیدا منداڵ لەوتەمەنەش زووتر پێویستە زەمینەی خەیاڵ وئەندیشەی بۆ ساز بدرێت. منداڵی ئێمە ئەگەر ئاشناییەك لەگەڵ پینووسدا پەیدابکات پێش چوونی بۆقوتابخانە ئەوکاتەیە، کەپێنووسی کەورەیەکی بردووە بۆ ئەوەی خەت لە سەر دیوارەکان بکێشی، کە ئەوەش تاکە ڕێگای تاقی کردنەوەو بەرجەستە کردنی دنیایەکی نەزانراوە لای ئەو. لەکاتێکدا کە خوشك و براکانی کە لەو گەورەترن خاوەنی پێنووس و پەرتووکی ڕەنگاورەنگن.

٢. ڕۆژێکی خوێندن بۆقوتابی تەنها (٤) چوار کاتژمێر. کە ئەمە کاتێکی زۆر کەمە بۆ فیرکردن. لە هەمانکاتدا قوتابی وەختێکی زۆر زیادی هەیە لە ڕۆژدا کە خۆی بریار دەدات چی تێدا بکات بەتایبەت کەخێزان نەتوانێ ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ لەبەر سەرقاڵی ژیان یان دواکەوتووی و کەم هۆشی. ئەمەش گەورەترین مەترسیە لە رووی پەروەردەوە، کە منداڵ لەوانەیە لە تەمەنێکی بچووکدا ڕێگای چەوت بگرێت. بە دەیان منداڵ هەیە چەند جار سەریان شکاوە تا گەیشتوونەتە پۆلی شەشی سەرەتایی، ئەوجا جگەرە دەکێشن و لە وانەیە چەقۆشیان لەبەرباخەڵدابێ...! وە تا ئەوکاتەش دووژمنایەتیشیان بۆ خێزانەکانیان دروست کردبێ...!

٣. ئەگەر بێنە باسی ئەو بابەتانەی کە لەقوتابخانە دەخوێندرێت: لە زۆربەی قۆناغەکانی خوێندندا هەمان بابەت دەخوێندرێت کە لەسەردەمی ڕژیمی بەغدادا دەگووترایەوە. پراکتیسەی ووشەی قوتابی و مامۆستا زیاتر لە نیو سەدەیە لە هەمان قالب دان. سنووری داهێنانی هەر دوو لا دیاری کراوە لە بواری بابەت و دەقدا. من خۆم لەوانەیە بەشێکبم لە بەرهەمی ئەوشێوە دەرس گووتنەوەیە. کە گەیشتمە زانکۆ ئاورمدایەوە هەرهەمان کتێب و هەمان بابەتوو هەمان بەریوەبەرایەتی بوو......! لەروانگەی قوتابیەکی کوردەوە مامۆستا وەك ئیزرائیل و کتێبیش وەك ژەهری مارە. بۆیە قوتابی دەیکات بەجەژن ئەو ڕۆژەی قوتابخانە نیە. گۆڕانکاری لەو سیستەمە ئیفلیجە ووشکەی پەرووەردە. بارێکی ئەوەندە گەورەیە لە جیهانی ئێمەدا کەمرۆڤ بەترسەوە بیری لی بکاتەوە یا بەرنامەرێزی بۆبکات.

٤. یەکێک لەو نەخۆشیە گرنگانەی دەزگای پەروەردە کە ئێمە هەمووماندەیزانین ئەوەیە کە وانەکانی وەرزش و وێنەکێشان و مۆسیقا زۆر بەکەم سەیر دەکرێن. کەئەمە وا لە قوتابی دەکات هیچ پەیوەندیکی دەروونی بە قوتابخانەوە نەمێنی، چونکە ئەوەی چێژو خۆشیە لەقوتابی قەدەغەیە. کەچی لە وولاتە پێشکەووتوەکاندا بە تایبەت لەئەوروپا گرنگیکی یەچگار زۆر بەم بابەتانە دەدریت (٨٠%) لە سەدا هەشتای قوتابی لە قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لە دانمارک چالاکی وەرزشی دەکەن، وەک یاری تۆپی پێ، تۆپی دەست، باسکە، بالە،مەلەکردن......هەتد. بێجگە لەوەی کە منداڵ نییە پاسکیل لێنەخورێت هەرلە تەمەنی (٦ ) ساڵییەوە. قوتابی هەر زۆر لە منداڵیەوە ئاشنای وێنەکێشان دەبێت هەروەها قوتابی قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی، بە دەیان سەردانی پێشانگاکان دەکەن، لە وانە پێشانگای کارخانەو مۆزەخانە هوونەریەکان و پێشانگا تاقە کەسیەکان. لە ئەوروپا کەمنداڵێک وێنەیەک لەدەسکردی خۆی پێشکەش بەدایکی یان باوکی یا هەرکەسێکی دی لە دۆست و ناسیار دەکات ئەوا ڕێزی لێدەگیرێت و وێنەکەی بۆ ماوەیەک لە شوێنێکی بەرچاو هەڵدەواسرێت. بەم شێوەیە مرۆڤ لە وولاتانی پێش کەوتوو پاڵپشتی منداڵ دەکات بۆداهینان و دروست کردنی دوارۆژی گەش بۆ خوی و کۆمەڵگاکەی.

٥. لە کوردستان ئەو بابەتانەی کە دەخوێندرین زۆر دیاریکراون قوتابی خۆی خاوەنی هیچ بەشداریەک نیە لە هەڵبژادنی بابەتەکاندا. ئەوبابەتانەی کەقوتابیەک وەک مرۆڤیک و تاقەکەسیک حەزی لێدەکات و تێدا بەتوانایە هیچ گرنگیەکی پێ نادریت لە سیستەمی پەروەردەی کوردستاندا. ئەمانەش نموونەیان زۆرە، وەک ئەوەی قوتابی کورد ئەگەر پەخشانیکی باش بە زمانی ئارەبی یا ئینگلیزی نەنووسی و ڕێزمانی ئارەبی یا ئینگلیزی بەباشی نەزانی و تێدا دەرنەچێ ئەوا ناتوانێ لە پۆلێکەوە بچێ بۆ پۆلیکی بالا، خۆ ئەگەر خودا نەکا دوو ساڵ لەهەمان بابەت دەرنەچوو ئەوا لەقوتابخانە وەدەردەنرێت..!!!! ئەمە ماڵ ویرانیە (کادەسترۆفە) بۆ کۆمەڵگاو تاکەکەس. ئەوپەری نەزانین و گەمژەییە کە قوتابی لەپێناوی یەک بابەت لەقوتابخانە بێبەشبکریت، یائایندەی زانستی لەدەست بدریت. ئەگەر قوتابیەک لە چەند وانەیەکی سەرەکی وەک بیرکاری، فیزیا، کیمیا و زیندەوەزانی دەرچی و رووەو لایەنی زانیاری گرتبیت چی پیویستی بەوەیە کەبزانی عومەری کوری عاس، تاریقی کوری زیاد یان ناپلیۆن کویان داگیرکردووە؟؟؟ یاچەند خەڵکیان کووشتووە؟ یا چەند تالانیان کردووە؟ وەک بڵیی ئەم جۆرە زانیاریە بتوانی لەچەرخی ئیستادا بۆ هیچ نەتەوەیەک سوودیکی هەبیت ....! بریاردانی رادەی زانیاری و توانا و هەروەها دوا رۆژی قوتابی لە هەر شوینیک و وولاتێک لە سەر بنیاتی تەنها بابەتێک، کۆتکردنی کۆمەڵگایەو وەپاش خستنی مرۆڤە. هەر سیستەمی لەسەر ئەم

بنیاتەبی دەبی بەزووترین کات گۆرانکاری تیدا بکریت، ئەگینا کۆمەلگا هەربە ئیفلیجی دەمینیتەوە.

ئەو خالانەی سەرەوە بەشێکی کەمن لەو کەم وکوریانەی لەبواری پەروەردە دان کە پێویستە باسیان لێ بکریت و چارەسەریان بکریت. مەبەست لە بەرجەستەکردنی ئەم بابەتە لێرەدا ئەوەیە کە لیپرسراوانی فیرکردن بکەونە دانووساندن ومیزگرتن و سیمینار سازدان بە هیوای ئەوەی کە پیشنیار لە هەموو لایەکەوە گەلالە بکریت و خەلکی پسپۆر لە ناو وولات و لە دەرەوە بانگ بکرین بۆ تاوو تۆ کردنی میتۆدەکانی فیرکردن لەهەریمی کوردستان. کۆردنەوە و لەبیژنگدانی ئەزموونی بەشداران بۆ هەلنانی هەنگاوی یەکەم بۆ داراشتنی سیستەمیکی فیرکردنی تازە کە گونجاوبی لەگەل داواکانی ئەم چەرخە. لێ پرسراوان لە هەریمی کوردستان کاری بۆ بکەن و بیکەن بەخەم. دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە وورووژاندنی بابەتیکی وا لە دەزگاکانی راگەیاندن بەتایبەتی دەزگا بینراوەکان وەک تلیفزیون بەتایبەت لەکەنالە ئاسمانیەکانەوە فرسەتیکی گەورە دەرەخسینی بۆ بەشداری کردنی خەلکی کورد لە سەرتاسەری جیهان.

## ئەو گۆران کاریانەی کە ئاسویەکی تازە بۆ قوتابی دەرەخسێنن لە هەریمی کوردستان

١. گۆران کاری لە هەموو ئاستەکانی فیرکردن پیداویستیکی پیشکەوتنە لە جیهانی خویندن بەگشتی لە هەریمی کوردستان. بەردی بناغەی ئەم گۆرانکاریەش مندالی ساوایە، هەرلەوکاتەوە کە مندال تامەزرۆی زمان دەبیت خولیای پرسیارو و فیربوون دەبیت، دەبێ جیگای فیربوونی بۆ دابین بکریت. ساوا پیویستی بە وەلامدانەوەی درووست هەیە بۆ پرسیارەکانی و نەک پشت گوی خستنیان. لیرەوە رچەی راست بۆ داهاتووی کومەل دادەریژریت، بە دروست کردنی باخچەی مندالان لە هەموو گەرەکیکدا، بەتایبەت لەگەرەکە هەژارەکاندا. هەلبەت دروست کردنی پەیمانگەی تایبەت بۆ ئامادە کردنی ماموەستای تایبەتمەند بەپەروەردەی مندالانەوە.

٢. کردنەوەی پۆلی ئامادەکردن (دەست پی‌کردن) لە قوتابخانەکاندا کەتیدا مندالی تەمەنی پینج سالی تیایاندا فیری گرتنی پینووس و گوێ گرتن لە خویندنەوە و وینەکیشان و وەرزش و تیکەل بوون بە مندالانی دیکەو، فیربوونی سنووری تازەی هەل سووکەوت و دوورکەوتنەوە لە دەورووبەری مال و خیزان و شەقامەکانی گەرەک.

٣. ماموەستاو قوتابخانە ئەرکیان دروست کردنی ئەندامی کۆمەلە، ئەوئەندامەی کە مافەکانی خۆی و ئەرکەکانی سەرشانی دەزانی. نەک مرۆڤیکی خاوەن شەهادە بەلام نەزۆک و خوپەرست.

قوتابی دەبێ زۆر لەزووەوە فێری بەرپرسیاری و کاری هەرەوەز بکرێت. قوتابی لەسەرەتاوە دەبێ خوێندن تێکەڵ بەژیانی رۆژانە بکات، زانست دەبێ بەرجەستە بکرێت. درك کردن بە دەوروبەر و رێکخستن و وەپیشەوە بردنی بەشێکی زیندووی وانەکان بیت. مەبەست لەدەوروبەر، ئەوشتە بەرجەستانە یان مەعنەویانەن کە رۆژانە تێکەڵی ژیانی مرۆڤ دەبن لە شێوە ئاساییەکەیاندا، بۆ نموونە، مافی مرۆڤ، دیموکراسی، ئەرکەکانی سەرشانی پۆلیس، یاساکانی هاتوو چۆ، نەخۆشخانەو دەوری دکتۆر، پاکو خاوینی، بوژەی وولات، سەرژمێر،رۆڵی دەزگاکانی راگەیاندن ..................هتد. بۆ ئەوەی دەوروبەر زیاتر روون بکەینەوە دەڵین، قوتابی لە پۆلەکانی ناوەندیا دەبێ بزانێ کە ئەگەر یەکێك لەخێزانەکەی برا بۆ نەخۆشخانە بۆ چارەسەر ئەوە بەسەدان دینار لەسەر کومەڵ دەکەوی واتە درك کردن بەسیستەمی خزمەت گوزاری لە دەزگاکانی دەوڵەتدا. قوتابیەك دەبێ ئەوە بزانێ کە لیپرسراوێك بۆی نیە کە چووە سەردانی دەزگایەك یاکارخانەیەك سەرو هەزار دینار بەسەر فەرمانبەرەکاندا دابەش بکات، چونکە ئەمە لەسنووری مافەکان و ئەرکەکانی سەرشان دەردەچن. قوتابی دەبێ فێری ئەوەبێ کە هەموو بستێك لەوخاکەی کەلە سەری دەژێ مولکی خۆی و کۆمەڵگاکەیەتی نەك تەنها شتەتایبە تیەکانی خۆی، واتە مولکایەتی تەنها خاوەنیەتی مولکی تایبەت نیە بەڵکو شتێك هەیە کە پێی دەووترێت سامانی گشتی، کە مرۆڤ دەبی بەمولکی خۆی و خەڵکی دیشی بزانیت وەکو: رێگاوبان و نەخۆشخانە و خانوبەرەی قوتابخانەو دەرکا و پەنچەرەکانی و ئاو و کارەبا و ئەو هەوایەی کە هەڵی دەمژین پیس بوونی بەپلەی یەکەم زیانەکانی دەشکێتەوە لە سەر خۆی و خێزانەکەی.

٤. بەردەوام بوونی خوێندن بەوشێوەیەی کە ئاماژەمان پێدا، ئەکەرەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردی کەم دەکاتەوە لەچاو جیهان و وولاتانی دەووروبەردا. ئەو شێووە خوێندنەی، کەهەرساڵیکی خوێندن بریتیە لەجەند پەرتووکێکی ووشك یان چەند بەشێك لەو پەرتووکانە، کەزانینیان کلیلی دەرگای قۆناغێکی داهاتووە، واتە قوتابی زیرەك لە وولاتی ئێمە لە توتێکی باش دەچی. قوتابی دەبێ دەوری هەبی لەهەڵبژادنی ئەوبابەتانەی کەتێیاندا باشەو حەزیان لیدەکات، بۆیە هەر قۆناغیك دەبی پێك بێت لە چەند بابەتێکی سەرەکی و هەندێکی ناسەرەکی کە قوتابی مافی هەڵبژاردنی تێدا هەبێت.لەوانەش گرینگتر دەبێ قوتابی فێربکرێت کە زانیاری گرنگترە لەشەهادە. بە لای منەوە هەلی گۆرانکاری لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردوستاندا هاتووە، شورشی پەروەردە تاقە رێگای رزگار بوونی مرۆڤی کوردە لەپاشکۆی وولاتانی دەووروبەرو نزیك بوونەوەی لەجیهانی پێشکەوتوو.

بوونی ئۆرگانی یۆنسکو لە هەرێمی کوردستان و وەهەروەها بەردەوام بوونی بریاری (٩٨٦)ی نەتەووە یەکگرتووەکان نەوت بەرابەر بەخواردن. زەمینەیەکی سازی گەشەکردنی هیناوەتە کایەوە

لەکوردوستاندا کە دەبێت بەتەواوەتی بقۆزریتەوە لە لایەن دەزگاکانی پەروەردەو وەهەروەها ئورگانە بێلایەنەکانەوە (NGO). بۆ دارشتنی بەرنامەی تازەو هێنانەکایەی بابەتی تازە لە چوارچێوەی قوتابخانەدا بۆ نموونە:ـ

٥. دروست کردنی وەرشەی (پێشگەی) دەست رەنگینی لەقوتابخانەکاندا، بەتایبەت بۆ پۆلی پێنچی سەرەتایی تا پۆلی شەشی دواناوەندی. لەوانە وەرشەی دارتاشی و کاری دەستی، بەرگدووری، چێشت لێنان و هەروەها وەرشەی میدیا و مۆسیقا و دەنگ و کۆمپیوتەر ئەگەر لەتوانادابێ. گرنگیدان بە وەرزش و دابین کردنی پێداویستیەکانی، سازدانی پێشبرکێ لەنێوان هەموو پۆلەکاندا. گرنگیدان بە وێنەکیشان و دابین کردنی پێداویستیەکانی. کردنەوەی پێشانگا لەسنووری قوتابخانە و دەرەوەیدا بەلای کەمەوە چەند جار لەساڵێکدا. سازدانی ئاهەنگوو شانۆ و لە چوار چێوەی قوتابخانەو دەرەوەیدا.

٦. دابین کردنی پەرتووکخانەیەکی بچووك لەهەر قوتابخانەیەکدا، کەبەلای کەمەوە چەند سەد پەرتووکێکی هەمە چەشنەی تێدا بێت. جگە لەهەموو گوڤارە مانگا نەییەکان ........هتد. قوتابی مافی قەردکردنی پەرتوکی هەبێ بۆ ماڵەوە. مامۆستا ئەرکی هاندانی قوتابی لەئەستۆدایە بۆ خویندنەوەی بابەتی هەمەچەشن. کارکردن بە کۆمەڵ بۆ نووسین و ئامادەکردنی بابەتی زانستی و ئەدەبی هەر لە پۆلی شەشی سەرەتاییەوە دەست پیبکات و قوتابی فێری کاری هەرەوەز بکریت. قوتابی زۆر زوو دەبێ فیری گەران بەدوای سەرچاوە بیت و پشکنین بکات.

٧. زیاد کردنی ریژەی دەرس ووتنەوەی قوتابیان لە چوار کاتژمیرەوە بۆ حەوت کاتژمیر، کە ئەوەش دابەش بکریت بۆ چوار کاتژمیری وانە تیۆوریەکان وەك ماتماتیك و کیمیا و زبان ........... هتد. سێ سەعاتی دی بۆ وانە پیشەییەکان وەك دارتاشی ونیگارکیشان و وەرزش.............هتد. زیاد کردنی ریژەی دەرسی زبانی ئینگلیزی و زیاتر گرنگی پێدانی لە جیاتی زمانە بیانیەکانی تر بەتایبەت ئارەبی، لەبەر گرنگی زمانی ئنگلیزی لە رووی زانیاریە تازەکانەوە بەتایبەت پیشەسازی و ئینفۆرماسیۆن. نووسین و لەچاپدانی چیرۆك بۆ منداڵان. دووبارە لە چاپدانەوەی ئەو چیرۆك و پەرتووکی منداڵانەی کە بەزمانی کوردی دەرچوون لە ئەوروپا لە دەساڵی رابردوودا. من پێم وایە منداڵی کورد زۆر بێ بەش کراوە لەرووی چاپەمەنیەوە لە چاو مرۆڤی گەورەدا، کە رۆژانە دەیان رۆژنامە و گۆڤاریان هەیە.

گۆرانکاری لە سیستەمی پەروەردە تاقە ریگای پیشکەووتنی گۆمەڵگای کوردیە لەهەموو بوارەکاندا لە رووی ئابووری وپیشەسازی و کومەلایەتیەوە. ئەگینا هیچ پیشکەوتنیک بەردەوامی نابیت بێ

درووســـت بــوونـــی هــۆشـــیکی شـارســتـانی لـیپـرسـراوەیی. کـارکــردن بـۆ دروســت بـوونی مـرۆڤـی کـوردی دەبـێ لـەریـزی پـیشـــەوە بـێـت، کاتـێـک کـە بـوجـــەی سـاڵانـە دادەنـرێـت. بـوژەی سـاڵانـەی وەزارەتـی پـەروەردە دەبـــێ زۆر زیـاتـــر بـــێ لـــە بـــوجـــەی بـەرگـــری و نـــاوخـــۆ. چــونـکـــە ریـگـــای ئـــارامی کـــۆمـــەڵـگـا پـــێـشـــکـەوتـنـێـتـی نـــە ك کـــۆنـتـــرۆڵ کـــردنی!!!!! گـۆڕانـــی سیـسـتـەمی پـــەروەردە لـــە دەروازەی چـــەرخی تـــازەدا تـــاقـــە رێـــگـــای گـــۆڕانی کـۆمەڵگـای کـوردیـــە بـەرەو ئـــاســـۆی دیـــمـوکـراتی و پـــێـشـــکـەوتـن و دابـیـن کـردنی ئــاشــتـی.

نوزاد مارف
دانمارك
١٩٩٩/٠٩/٠٥

**تێبینی**

**ئەم نووسینە لە پایزی ١٩٩٩ رەوانەی گۆڤاری گوڵان کراوە.**
**وەهەروەها لە بەهاری ٢٠٠١ رەوانەی هەفتەنامەی رێگای کوردستان کراوە.**